**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٧١٣٠ لە ٢٠٢٥/٢/٢٧**

## بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥

## ترازاندن و لکاندنی ئەو بەشەی گوندی (میراوە) کەسەر بە قەزای هەریرە و لکاندنی بە قەزای شەقڵاوە

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (بیست و شەشەم/٢) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ئاماژە بەڕەزامەندی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٤٩٧) لە ٢٠٢٥/٢/٤ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣٣٦٤٧) لە ٢٠٢٤/١١/١١ سەبارەت بە گوندی (**میراوە**) کە بەشێکی سەر بەقەزای شەقڵاوەیە و بەشێکی تری سەر بەقەزای هەریر/ ناحیەی باسرمەیە و لەبەربەرژەوەندی گشتی، بریاردرا بە:

**یەکەم:** ترزاندنی ئەوبەشەی گوندی (**میراوە**) کە سەر بە قەزای هەریرە و لکاندنی بە قەزای شەقڵاوە.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی ڕەزامەندی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٤ و کاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٠٥٥٩ لە ٢٠٢٥/٤/١٠**

## بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٥

## هێنانە کایەی گوندی (کاژاوی حاجی حمە صالح)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان وئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٤٠٨) لە ٢٠٢٥/٣/١٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**کاژاوی حاجی حمە صالح**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی عەربەت لەسنوری پارێزگای سلێمانی بەڕووبەری (٢٣-٤٦) چل و شەش دۆنم و بیست و سێ مەتر دووجا لەسەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (٤٠/١، ٥٥/١، ٥٥/٤) لەکەرتی (٢٤/ بێستان سور) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لەسەرەوە هاتووە وە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٠٥٦٠ لە ٢٠٢٥/٤/١٠**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هێنانەکایەی گوندی (بدری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ هەمووارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان وئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٧٣٨٦) لە ٢٠٢٤/١٢/٩ و (١٠٩٤) لە ٢٠٢٥/٢/١٦ و نووسراومان ژمارە (٢٥٩٩) لە ٢٠٢٥/١/٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (بدری) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٦) لەڕێنمایی سەرەوە لەسنوری ناحیەی گردەسێن/ لە پارێزگای دهۆك کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە فراوانکردنەوە دەبێتە (١٧٧،٧،١٨ دۆنم) لە سەر پارچە زەویەکانی ژمارە (١/١) و (٣) و (١/٢) و (٥/٢) و (٣/٢) و (٦/٢) و (٤) لە کەرتی ١٢٤/بدری وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆك لە سەرەوە هاتووە وە بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١١٥٢٨ لە ٢٠٢٥/٤/٢٠**

## بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥
## فراوانکردنی گوندەکانی (بایزئاوا ، کانی میل ، زەڕایەنی کۆن ، کانی ڕەش)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ هەموارکراو تایبەت بەفراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان وە ئاماژە بەهەردوو نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٠٩٤ لە ٢٠٢٥/٣/٣ ) و (٣٣٥٦ لە ٢٠٢٥/٤/١٥) ودوابەدوای نووسراومان ژمارە (٨٤٩٨ لە ٢٠٢٥/٣/١٦) و لەبەر ئەوەی ئەم گوندانە بەپێی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە بە واقیع حاڵ لە ڕووی جوگرافییەوە تێکەڵ بەیەکن و زەویەکانیان جیانەکراوەتەوە لە سەر نەخشەی کاسترۆ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** فراوانکردنی گوندەکانی (بایزئاوا - کانی میل - زەڕایەنی کۆن - کانی ڕەش) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی کادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم /٦لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی زەڕان/قەزای شارەزوور / لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری ( - ، ١٨ ، ٦٤٧ ) شەش سەدو چلو حەوت دۆنم و هەژدە ئۆلک لە سەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (١/٤ ، ١/٦ ، ٣/١٤ ، ٣/٢ ، ٥/٤، ٥/٥، ٥/٧، ٥/٨، ٥/١٠ ، ٢/٥ ، ٢/٤، ١/٣ ، ٢/١٠، ٢/٨، ٢/٩ ، ١/١٧ ، ٥/٦، ١/٧ ، ١٧/٢، ١/٥ ، ٢/٢، ١٢/٥، ١/١، ١٢/٤ ) لە کەرتی (٤ /زەرایەن کانی ڕەش ) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**